# پیاوێک لە مسوڵمانان هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا لە مزگەوتدا بوو، بانگی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا، من زینام کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک لە مسوڵمانان هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا لە مزگەوتدا بوو، بانگی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا، من زینام کردووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێوەرگێڕا، پیاوەکە لە لایەکی ترەوە چووە پێشی، و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من زینام کردووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیسانەوە ڕووی لێوەرگێڕا، پیاوەکە دیسانەوە چووە پێشی، وئەمەی چوار جار ئەنجامدا. کاتێک چوار جار پیاوەکە شاهێدی لەسەر خۆی دا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد وفەرمووی: «ئایا شێتیت؟»، پیاوەکە ووتی: نەخێر، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا هاوسەرگیریت کردووە؟»، پیاوەکە ووتی: بەڵێ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ببەن ڕەجمی بکەن». وجابری کوڕی عبدالله دەیووت: «من لەو کەسانە بووم کە ڕەجمم کرد، ولە شوێنی نوێژکردن تەختاییەکدا* ڕەجممان کرد، کاتێک بەردەکان ئازاریان پێگەیاند، ڕایکرد، بەڵام لە شوێنێکی مەدینە (بەناوی: الحَرَّةِ) گرتمان وڕەجممان کرد (هەتا مرد)». *(تەختاییەکدا: شوێنێک بوو پێی دەووترێت -المُصَلَّى:موسەڵا- ئەو شوێنەیە کە نوێژی جەژن یان نوێژی جەنازەی تێدا ئەنجامدەدرێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ماعیزی کوڕی مالیکی ئەسلەمی -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا لە مزگەوت دانیشتبوو، وبانگی کرد ودانپێدانانی لەسەر خۆی دووپاتکردەوە بەوەی کە زینای کردووە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێوەرگێڕا بۆ ئەوەی تەوبە بکات لە نێوان خۆی وخوای گەورە، بەڵام ماعیز هەر دیسانەوە هاتەوە پێشی ودانپێدانانەکەی لەسەر ئەم تاوانە دووپاتکردەوە ولە نەفسی خۆی توڕە بوو ودەیویست خوای گەورە پاکی بکاتەوە لەم تاوانە بە جێبەجێکردنی سنووری شەرعی (الحَد)، بەڵام دیسانەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێوەرگێڕا، ئەمە چوار جار دووبارە بووەوە، هەتا چوار جار شاهێدی لەسەر خۆی دا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی دڵنیا سەبارەت بە حاڵی وبارودۆخی، بۆیە پرسیاری لێکرد: ئایا شێتە؟ ووتی: نەخێر، وسەبارەت بە ئەقڵ وهۆشی پرسیاری لە خێزانەکەی کرد وئەوان بە خێر وچاکە وەسفیان کرد، وپاشان پرسیاری لێکرد: ئایا ئەو پێشتر هاوسەرگیری شەرعی کردووە یان سەڵتە کە ڕەجم لەسەری واجب نابێت؟ پێیان ووت کە ئەو پێشتر هاوسەرگیری کردووە، وپرسیاری لێکرد: لەوەیە ئەو کارەی ئەنجام نەدابێت کە ڕەجم کردن واجب دەکات، لەوەیە تەنها دەستلێدان یان ماچکردن بێت، بەڵام ئەو دانپێدانانەکەی دووپاتکردەوە کە زینای کردووە. وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دڵنیا بوو لە هەموو ئەمانە وجێگیر بوو، لەم کاتەدا جێبەجێکردنی سنوورەکە (حەدەکە) واجب دەبێت، وفەرمانی بە هاوەڵان کرد بۆ ئەوەی ببەن ڕەجمی بکەن. بۆیە بردیان بۆ (بەقیعی غەرقەد) کە شوێنی نوێژکردنە لەسەر جەنازە ولەوێ ڕەجمیان کرد، وکاتێک بەهۆی بەردەکانەوە ئازاری پێگەیشت، داوای ڕزگارکردنی کرد وهەوڵی دا ڕزگاری بێت لە مردن ئەمیش بەهۆی سروشتی مرۆڤەوە کە ناتوانێت بەرگەی ئەم ئازارە بگرێت بۆیە ڕایکرد، بەڵام هاوەڵان گرتیان لە ناوچەی (الْحَرَّة) کە شوێنێکە لە شاری مەدینە، وبەردەوام بوون لە ڕەجمکردنی هەتاوەکو مرد، -ڕەحمەت وڕەزای خوای لێبێت-.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee